ئەنجومەنی فەتوای هەرەم : فرۆشتنی زێڕ بە قەرز دەچێتە چوارچێوەی ڕیبا و حەرام



ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرەم دەڵێت، فرۆشتنی زێڕ بە قەرز دەچێتە چوارچێوەی ڕیبا و حەرام چونکە فرۆشتنی زێڕو زیو بە پارە پێویستە دەست بە دەست بێت، ئەو کاتەدا هەردووڵا لە یەکتری وەربگرن.

ئەمە شەممە ١٤ـی شوباتی ٢٠٢٦، لە نوێترین فەتوای ئەنجوومەنی باڵای فەتوای هەرەمدا هاتووە، چەند پرسیارێکی هاوڵاتیانمان ئاراستە کراوە لەبارەی مامەڵەی زێڕ، بە ئەو مەبەستە ڕوونکردنەوەی بەیاری شەرع و دەرچوونی فەتوای فەرمی لەبارەیانەوە درا.

ئەنجوومەنی باڵای فەتوا لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا فەتوای دا و دەڵێت، فرۆشتنی زێڕ بە قەرز بە دیناری عێراقی دروست نییە،ە چونکە دەچێتە خانەی (ربا الید) چونکە کڕین و فرۆشتنی زێڕ و زیو بە پارە پێویستە دەست بە دەست بێت، ئەو کاتەدا هەردووڵا لە یەکتری وەربگرن بە پێچەوانەوە پێی دەوترێت (ربا الید).

ئاماژە بەوەشکراوە، دەرچەی شەرعی بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان بە کڕینی زێڕ هەیە و پارەی پێویستیان لە بەردەست نییە، ئەوەیە کە دینارەکە لە زێڕنگرەکە بە قەرز وەربگرن و قەرزی بکەن، پاشان بەو پارەیە زێڕەکە بکڕن، یان زێڕەکە خۆی بە مسقاڵ قەرز بکەن و پاشان کێشی وێستیان بیدەنەوە بە هەمان

ئەندازە زۆر بە زەنگرەکە بهێنەوە.

رەونیشیان کردووەتەوە، فرەشتنی زۆر بە قەرز بە دیناری عێراقی یان هەر دراوێکی تر دروست نییە، جا کێشەی خێیتی بە زیاتر بێت لە نرخی بازاڕیان وەك نرخی ئاسایی بێت، چونکە دەچێتە خانەی (ربا الید) وە.

ئەو ئەنجوومەنە باس لەوەش دەکات، لەبەرئەوەی زۆر لە شەریعەتدا هەر بە دراو حیسابە و لە دراوێتی ناکەوێت، دروستە بە قەرزی زۆر بیبات، واتە کێی کاتی دانەوەی هات ئەندازەی چەندی بە قەرز وەرگرتبێت، ئەو ئەندازەیە بگەڕێنێتەوە، هەروەها دروستیشە بگوترێت بە دراوێکی تر بە دوو مەرج:

١- پێویستە زۆرکە بە نرخی رۆژ بخەمڵێندرێت .

٢- پێویستە هەموو قەرزەکە ساف بکرێت، واتە کە لە یەکتر جیا بوونەوە، هیچ قەرز لە نێوان مامەڵەکارەکاندا نەمێنێت.